بسم الله الرحمن الرحيم

**خوشكەكەم** ... داواكارم ئەم پەرەیە بەوپەڕی ڕاستیەوە لە گەڵ خۆدا بخوێنیتەوە ...

عابـای سەرشــان !!! ئایـا بـۆ پۆشـتەییە یـان ئـامرازی خۆڕازاندنەوەیە !!؟

ئایا گومانت وایە بە پۆشینی ئەو جۆرە عابایە خۆداپۆشـینی پێویستت بە دی هێناوە كە لێت داواكراوە ؟

ڕاشكاوبە لە گەڵ خۆتدا ... ئایا ئەم عابایەی كە لە ( كریب ) دروست كراوە ، كە پارچەیەكی درەوشـاوەیە ، و بـە شـێوەیەك دەلكێت بە لەشەوە هەموو بەشەكانی دەردەخـات ، و قـەبارەی دەكات ، تاكو بووەتە دیاریدەیەكی ئاشكرا بۆ ڕووتی وسفووری !

بە خۆت پێمەكەنە ... بەوەی كە بڵێت : عابای ئیسلامیە !!!

چونكە ناوەكان هیچ لە ڕاستی و ناوەڕۆكەكان ناگۆڕن ...

لێم وەرگرە ... ئەم ئامۆژگاریە لەم ڕۆژگارەی كە ئامۆژگاری كاران زۆر كەم بوون تیایدا ...

ئەم عابایە عابایەكە بۆ ڕووتی و سفوری ، لە گەڵ هەموو ئەو ڕازاوەییەی كە تێیدایە ...

ئەگەر خۆ داپۆشینت ئەوێ ..؟؟ خۆداپۆشین بە پۆشاكێكی بە حیشمەت دەبێت ... وە بەو حیجابە شەرعیە دەبێت كە شەریعەت پێی هاتووە ، و داوای دەكات ( دڵنیاش بە كە حیجابی شەرعی ئەوەیە كە ئافرەت پۆشاكێكی فراوان لە بەر بكات ، هەموو لەشی داپۆشێت ، ڕازێنراوە ، و بۆن خۆش كـراو نـەبێت ، و سـەرنجی پیاوان بۆ لای خۆی ڕانەكێشێت ) .

ئەمەیە حیجابی شەرعی ، ئەگەر تۆ بتەوێت لە بەر ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار بیپۆشیت ، بەڵام عابای سەرشان لە ئایین نیە ، بەڵكو دەرگایەكە بۆ هەموو ئاشووب و فیتنەیەك .



**خوشكی خـۆم** ... ئـەی درووشمی شـەرفداریمان ... ئـەی جێگـەی پارێزگاری لە ناموسمان ... دەست بگرە بە حیشمەت ... و حیجابە شـەرعیەكەتەوە لـە سـەردەمی غەریبیـدا ، نەكـەی لـە بـەر تووندی تاقیكردنەوەكان تووشی دڵە ڕاوكێ و دوو دڵی بیت و دوا بكـەویت لـە كاروانی حشیمەت داریتی ، یان بە هۆی زۆری ئاشووب و فیتنەكانەوە .

نەكەی زۆری ئەوانەی كە دەیانبینیت مەلاسەیان دێت بەدوای هەموو بێ نرخێكدا ، لاوازت بكات لە ڕێگەكەت ، چونكە تۆی بە نرخترو بڵندتر لە هەموان .

خۆت بپۆشە ئەو كاتە بڕوانە ... چەندەها كەسی پاك و پابەند بوو بە ئایین ئاواتی ئەوەیە كە تۆ ببێت بە هاوسەری ...چونكە متمانەی پێتە لە كاتی دەرچوونی ، و گران بەهاترین شتی ژیانی دەخاتە ژێر دەستەكانت .

باشیش بزانە كە چەندەها كەسی بێ ئابڕو و درۆزن ( مستهتر ) هەن .. تەماشای ئەو ئافرەتە بێ نرخانە ناكەن جگە بۆ ئەوە نەبێت كـە ( بوكە شووشەیەكی كاتین ... و بۆ كاتێكی دیاریكراوە ) !!!

خوشكی بە حیشمەت و حـەیادارمان بـە ئاگابـە ... نـەكو لـە سەنگەری تۆوە هێرش بكرێتە سەر ... ئاین ... و كەس و كار ... و كۆمەڵگاكەت ...

حیجابەكەت ... حیشمەت و حەیاكەت ... گەوهەرەی بە نرخی تۆن ... نەكەی كەم تەرخەمیان تیادا بكەی .

هۆكارەكانی ڕووخانـدنی كەسـایەتی تـۆ زۆرن ... لـە هـەموو لایەكەوە دەوریان لێ داویت ... جا بە ئاگابە ، و چاوكراوە بە .

ئاگادار بە ... بانگەشەكارانی خراپەكاری لە ڕێگەی تۆوە لـە ناومان نەبەن ... و خەنجەری خیانەت كاریمان لە ڕێگەی تۆوە لە پشتەوە لێ نـەدەن ... بـە ئاگابـە لـە ناونەچیت ... چونكە لـە ناوچوونی تۆ لە ناوچوونی ئوممەتێكە .

**نووسینی : شێخ سالم العجمي**



# مەرجەكانی عابای ئافرەتان

**( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء )** لــە فەتوای ژمارە ( ٢١٣٥٢ ) ەیــان دا ، لــە بــەرواری ( ٩ / ٣ / ١٤٢١ك ) دا سەبارەت بەپرسیارێك فەرموویانە [١] :

( شوكر و ستایش تەنها بۆ پەروەردگار و درووود و سەلامیش لە سەر ئەو پێغەمبەرە بێت كە هیچ پێغەمبەرێكی بە دوادا نایەت ﷺ .. و پاشان : ( اللجنة الدائمة للبحوث العلمـيـة والإفـتـاء ) چاوی خشاندووە و بەئاگایە لەو پرسیارەی كە لە لایـەن ( عبد العزیـز الدهام ) ەوە كراوە لە بەڕێز جەنابی موفتی هەموو وڵات ، كە لـە ویشەوە نێردراوە بۆ ( اللجنة من الأمانة العامة لــهيئة كبار العلماء ) بە ژمارەی ( ٩٣٤ ) و لە بەرواری ( ١٢/ ٢ / ١٤٢١ ) ی كۆچی دا .

تیایدا پرسیاركار پرسیارێك دەكات ئەمە دەقەكەیەتی : " لەو دواییانەدا عابایەك بڵاو بووەتەوە بەشێوەی لەش دەدووڕێت ، و تەسكیشە ، و لە دوو پارچەی تەنك لە قوماشی ( كریب ) درووست دەكرێت و دوو دەربالّی فراوانیشی هەیە ، نەخش و تەتریزیشی پێوەیە ، و دەدرێت بە سەر شاندا [٢] .

(١) اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، بە سەرۆكایەتی : ( الشيخ عبدالعزیز بن عبدالله بن محمد آل الشیخ ) ، و ئەندامێتی هەریەك لە ( الشیخ صالح بن فوزان الفوزان ) ، و ( الشیخ عبـدالله بن عبد الرحمن الغدیان ) ، و ( الشیخ بكر بن عبدالله أبو زید ) .

(٢) **تێبینی :** ئەم جۆرە عابایـە لـە كوردسـتانی خۆمانـدا پـێی دەوترێت ( عابای خـەلیجی ) ، وە لـە وڵاتـانی خەلیجدا پـێی دەوترێت ( عابـای فەرەنـسی ) ، وە شـایەنی بیرخـستنەوەیە سەپاندنی ناوی ( عابا ) بە سەر ئەم جۆرە پۆشاكە سەرنج ڕاكێش

جا حوکمی شەرع چیە سەبارەت بەم جۆرە عابایانە ؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای پەروەردگار پاداشتان بداتەوە ، پێشنیاری ئەوەش دەکەم ـ خوای پەروەردگار بتانپارێزێت ـ کە ووتەیەك ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی بکەن بو ڕێگرتن لەم جۆرە عابایە و هاوشێوەکانی" .

وە دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی لیژنە بەم شێوە وەڵام دەداتەوە کە عابای شەرعی بۆ ئافرەت بریتی یە لە (الجلباب) : کە بریتی یە لە ئەوەی کە مەبەستی شەرعی پێ جێبەجێ دەبێت لە داپۆشینی تەواو ، و دورکەوتنەوە لە فیتنە ، لە سەر ئەم ووتەیەش پێویستە عابای ئافرەتان ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

**یەکەم :** ( أن تكون سميكة لا تظهر ما تحتها ، ولا يكون لها خاصية الالتصاق ) ، واتە : ئەبێت ئەستوور بێت ، بە شێوەیەك ئەوە دەرنەخات کە لە ژێریدایە ، و بە لەشیشەوە نەلکێت ( واتە : سیفەتی لاستیکی تێدا نەبێت ) .

**دووەم :** ( أن تكون ساترة لجميع الجسم ، واسعة لا تبدي تقاطيعه ) ، واتە : ئەبێت هەموو لەش داپۆشێت ، و فراوانیش بێت بەشەکانی لەش دەرنەخات .

**سێیەم :** ( أن تكون مفتوحة من الأمام فقط ، وتكون فتحة الأكمام ضيقة ) ، واتە : ئەبێت تەنها لە پێشەوە کرابێتەوە ، و دەرباڵەکانیشی تەسك بێت .

**چوارەم :** ( ألاّ يكون فيها زينة تلفت إليها الأنظار ، وعليه فلا بد أن تخلو من الرسوم والزخارف والكتابات والعلامات ) ، واتە : ئەبێت هیچ جۆرە جوانیەکی تێدا نەبێت سەرنجی دەور و بەر بۆ

---

و ڕازراوەیەدا کە دەدرێت بە سەر شاندا یەکێکە لە پیلان و فێڵ و داوەکانی شەیتان و شوێنکەوتووەکانی بۆ سەرلێ شێواندن لە ئافرەتی موسڵمانان .



خۆی ڕابکێشێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەبێت دوور بێت لە هەموو وێنە و زەخرەفە و نووسین و نیشانەیەك .

**پێنجەم :** ( ألاّ تكون مشابهة للباس الكافرات أو الرجال ) ، واتە : ئەبێت هاوشێوەی پۆشاکی ئافرەتانی بێ بڕوا نەبێت ، یان هاوشێوەی پۆشاکی پیاوان .

**شەشەم :** ( أن توضع العباءة على هامة الرأس ابتداءً ) ، واتە : ئەبێت سەرەتاکەی بدرێت بە سەر سەردا نەك شوێنی تر .

لە سەر هەموو ئەوەی پێشوو ، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو عابایەی لە پرسیارەکەدا باسکرا عابایەکی شەرعی نیە بۆ ئافرەتان ، بۆیە نابێت لە بەر بکرێت ، چونکە ئەو مەرجانەی تێدا نیە کە پێویستە تێیدا هەبێت ، هەروەها نابێت هیچ عابایەکی تر لەبەر بکرێت کە ئەو مەرجە پێویستانەی تێدا نەبێت ، وە ناشبێت وەکو شتومەکی بازرگانی بهێنرێت ، و دروست بکرێت ، و بفرۆشرێت ، و بایەخی پێ بدرێت لە ناو موسڵمانانندا ، چونکە ئەوە بەشداری کردنە لە سەر تاوان و ستەم کردن ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ [ المائدة : ٢ ] .

وە لیژنەش کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، ئامۆژگاری ئافرەتانی بڕوادار دەکات بەوەی لە خوا بترسن و پابەندی تەواوی خۆداپۆشین بن بۆ جەستەیان ، ئەوەش بە عابا و سەرپۆش دان لە پیاوانی نامەحرەم ، ئەوەش گوێڕایەڵی بێت بۆ خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە بۆ دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی فیتنە و تووشی فیتنە کردن .

سەرکەوتنیش تەنها لە لای خوای پەروەردگارە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم . .

( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ٢١٣٥٢ )

www.ba8.org



